# وانةكان هةلَفأين ... خالَة حةمة,

xale@pc,dk
دانمارک/ڤالبی

لە سەردەمی یاساغبوونی فڕینەوە
ئێمە وانەی باڵەفڕێ و
بەرزەفڕێ ئەڵێینەوە
لە بروسکەو تیشکی هەتاو
شاباڵ ئەچنین
تا پێیهەڵجین..
بۆ ڕاهێنان
سەدان هەزار ماڵۆچکەمان
کرد بە پۆلی قوتابخانە
کە چۆن بفڕین بە ئاسمانا..
ملوێنەها دڵی شکاومان بەستەوە
بەو دەستەوە
کە خۆی ڕاپسکان لە دیلی..
بەو دووچاوە خەمڕێژەوە
بۆ سبەینێ دوور ئەیڕوانی..
بەوهەستە پڕ مەبەستەوە
هیچ دەستێکی نەلستەوە
بەو زارە پڕ لە ڕازەوە
گرێی خەمی ئەکردەوە..
لەوسەردەمە ئاڵۆزەدا
ئێمەو هەڵبەست، ووشەی ڕەسەن
پەیمانماندا
لەسەر تەوێڵی ئەو ڕۆکەو
ئەمڕۆکەشدا
بەزاراوەی کوردی پەتی
لە خاک و ئاسمان بنووسین
بۆ لەمەودوا
گشت ئەوانەی دڵی شکستیان شکاندوو
باڵی ڕەشی لەخشتەجوون

www.kurdistannet.org

پەلی گرتوون
لەم هەل و بەختەدا داچوون..
ئەو دەستانەی
لەسەر سینە هەڵدەلەرزن
لەباڵەفڕێ یاخیبوون
باڵەکانمان بدەنەوە ..
ئەو چاوانەی
خەم و فرمێسکیان بیرچۆوە
بەزمی شەوان کوێری کردن
باڵەکانمان بدەنەوە..
ئەو هەستانەی
بوون بە (زەروو)
بەگەردنی گەل و ئازادیا نووسان
ئەو زارانەی
زمانی خۆیان دۆڕان
ڕازەکانی خەمیان درکان
باڵەکانمان بدەنەوە..
تالە وەرزی دروێنەدا
ئاگر لەماڵمان بەرنەبێ
تا لەساڵی وەیشوومەدا
نان قڕ نەبێ
تا ئەنفالی ئەمسەدەیەش
خوێنڕێژەکەی بزر نەبێ..
تابتوانین
یەکەم باڵی هەڵفڕین و
یەکەم شەهید
لەگوڵ بگرین..
یەکەم وانەی هەڵفڕینیش
بۆ مناڵان نوێ بکەینەوە
پێیان بڵێین
ووڵاتێکی پڕ لە هەڵۆ
چنگی تیژە خۆیان نەبێ

www.kurdistannet.org

**شەبەقی زامیان گەورەکا**
**چاوی تیژی خۆیان نەبێ**
**نهێنیەکان ئاشکراکا**
**هێزێ نییە دەنگیان کپکا**
**(ئەنفال)یانکا**
**باليان بکا..**
**پێیان بڵێین**
**ئێستا ئێوە بە باڵی خۆتان هەڵدەفڕن**
**بە حەزی خۆتان ڕێدەبڕن**
**لەشار لەدێ**
**لەو دیو چییا**
**لەمدیو چییا**
**هەر ئێوە هەن**
**زامی سینەی پارەپارە**
**لەم ئازارە**
**کەمکەنەوە**
**چەکی شانی بێ ئاوەزان کۆکەنەوە**
**بەوانەکانی هەڵفڕین**
**تاوانەکانی(لۆزان)و(سایکسبیکۆ)**
**(لۆزان)ی شووم ئاشکراکەن**
**دەرگاو پەنجەرەی والاکەن**
**ئەم باشوورە بەشکراوە**
**خوێنتێزاوە**
**یەکخەنەوە**
**ئەم باشوورە داڕزاوە**
**بەخەمزاوە**
**نوێکەنەوە..نوێکەنەوە.**

**تێبینی**

---

**هاواری ئەم هۆنراوەیە لەمانگی دووی دووهەزارو دوودا بووە خۆ ئەگەر ئەمڕۆکە گوێی لێ بگرینەوە، باڵەکان لە خڵەفاوە سیاسیەکان و باوکسالارانی کورد وەردەگرینەوەو خۆمان پێی**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت
KURDISTAN NET

هەڵدەفڕین..ڕۆژی ئەوەش هاتووە چیتر چاوپۆشی لەگەجەرو گوجەرو ماستاوچی نەکەین کە لەژێر چەتری حیزبایەتیدا خۆیان حەشارداوە ....

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org